# بەرمیلی ئەمونتیلادۆ

ئیدگار ئالان پۆ
لە ئینگلیزییەوە: ڕەشید برایم ئاغا

بەقەدەر توانای خۆم باری هەزار ئازارم هەڵگرتووە لە پێناوی فورتیو ناتۆدا، بەڵام کە زاتی سووکایەتی کردنی بە من کرد پەیمانم دا تۆڵەی لێ بکەمەوە. ئەتۆ کەسێکی زۆر چاک و شارەزای هەڵسوکەوتی منی، بەهەرحاڵ وای دامەنێ ئەوە گوتەی هەڕەشەیەو بەس. دەبوایە لە پاشان تۆڵە بکەمەوە؛ ئەوە خاڵی کۆتایی بوو بڕیاری لەسەر درابوو... بەڵام هەمان بڕیار بیرۆکەی خۆخستنە مەترسی بەدوورکردبوو، من نەدەبوایە بە تەنیا سزای بدەم، بەڵکو دەبوایە سزاشی بدەم و زیانیشم پێ نەگات، هەڵە چاک نابێت کە هەڵە چاککار تووشی سزا بێت.

بەهەمان شێوەش ئەوە چاک نابێت کە تۆڵەستێن وا لە خۆی نەکات کە هەست بکات ئەو هەڵە بەرانبەر بەو کراوە.

پێویستە ئەوەش بزانرێت کە نە بەقسەو نە بەکردار بیانوویەکم نەدراوەتە دەست فورتیوناتۆ کە گومان لە ویستی چاکی من بکات.

هەر وەکو نەریتی خۆم بەردەوام لە ڕووی ئەودا ڕووخۆش و دەم بە خەندەبووم ئەو نەیدەزانی ئەو ڕووخۆشییەی ئێستاکەم بەمەبەستی فەوتانیەتی.

فۆرتیوناتۆ بۆچوونێکی لاوازی هەبوو... لە لایەکی دیکەش پیاوێک بوو دەبوایە ڕێزی لێ بگیرێت تەنانەت خەڵکیشی لێ بترسێ.

شانازی بە پسپۆڕی خۆیەوە دەکرد لە بواری شارەزایی لە شەڕابدا. هەندێک خەڵکی کەم لە ئیتالیەکان گیانی هونەر دۆستییان تێدابوو. زۆربەیان بەتاسەوە بوون بۆ ئەوەی جلوبەرگ لەشێوەی ملیونێرە ئینگلیزی و ئوستراللییەکان بپۆشن.

فورتیو ناتۆ لە ڕەنگ کردن و ڕازاندنەوەدا باڵا دەست بوو، بەڵام لە مەسەلەی شەرابی کۆندا دڵسۆز بوو.



لەو بارەیەوە لە بنەڕەتدا لەگەڵ ئەو جیاوازیم نەبوو. ئەمن لە شەڕابی ئیتالی زۆر شارەزابووم. هەر کە لە توانامدا بایە بڕێکی زۆرم لەو شەڕابە دەکڕی.

ئیوارەیەک لەوپەڕی مەستی کەرنەڤالی وەرزیدا خەریک بوو دنیا تاریک دەبوو، تووشی برادەرەکەم بووم. زۆر بەگەرمی لە دواندا پێش دەستی کرد، لەبەر ئەوەی زۆری خواردبۆوە.

کراسێکی میلداری تەسکی لەبەردابوو کڵاوێکی قووچی زەنگوڵەداری لەسەرکردبوو. بە بینینی زۆر دڵخۆش بووم. بە خەیاڵمدا هات کە دەستی توند نەگوشم.

پێم گوت.. فورتیوناتۆی خۆشەویست دیدەنی خۆشت هەبووە.

چ سەرنجڕاکێش دیاری ئەمڕۆ! بەڵام من بەرمیلێکم لە شەڕابی ئەمونتیلادۆی پەسەند وەرگرتووە، گومانیشم هەیە.

گوتی؛ چۆن؟ شەڕابی ئەمونتیلادۆ؟ بەرمیلێک؟ هەرگیز نابێ؟ لە ناوەڕاستی کەرنەڤاڵدا؟

گومانی خۆمم هەیە، وەڵامم دایەوە، من زۆر گێل بووم کە نرخی تەواوی شەڕابی ئەمونتیلادۆم دایە بێ ئەوەی لەو بارەوە پرس بە تۆ بکەم. تۆم بۆ نەدەدۆزرایەوە دەترسام سەوداکەم لە دەست بچێت.»

«شەڕابی ئەمۆنتیلادۆ!»

«گومانی خۆمم هەیە»

«شەڕابی ئەمونتیلادۆ!»

«دەبێ ئەوان ڕازی بکەم»

شەڕابی ئەمونتیلادۆ.

هەروەکو پەیمانت دابوو، دەچم بۆلای لۆچیسی. ئەگەر کەسێک ڕەخنەی هەبێت، ئەوە هەر ئەوە. ئەویش بە من دەڵێ..

«لوچیسی شەڕابی ئەمونتیلادۆ لە شەڕابی شیری جیاناکاتەوە.»

ئێستاش هەندێک کەسی نەزان وا دەزانن ئەزموونی ئەو لە هی تۆ زیاترە.

وەرە بابڕۆین.

بۆ کوێ؟

بۆ ژێر زەمینەکانی تۆ.

نا، هاوڕێم؛ من نامەوێ سوود لە مەزاجی چاکی تۆ وەرگرم.

ئەمن دەزانم، دەزانم بەڵێنێکی لۆچیسیت...

هیچ بەڵێنێکم نییە، وەرە.

هاوڕێم، نەخێر. ئەوە بەڵێن نییە، بەڵکو دەزانم تووشی سەرمایەکی زۆر سەخت بووی، ژێر زەمینەکان بەجۆرێک شێدارن کە تەحەمولیان تێدا ناکرێت. تویخێکیان بە نایترۆجین داپۆشراوە.

لەگەڵ ئەوەشدا بابڕۆین. هەڵامەتەکەم هیچ نییە. شەڕابی ئەمونتیلادۆ! تۆ بەکارت هێناوە، سەبارەت بەلۆجیسی شەڕابی شیری و ئەمونتیلادۆ لێک جیاناکاتەوە.

دوانەکان بەوجۆرەبوون، فۆرتیوناتۆ خوی بە قۆڵی منەوە گرتبۆوە. ئاوریشمێکی ڕەشی کردبوو بە دەمامک و عەباکەشی لە دەوری من ئاڵاندبوو، ڕێگام دابوو بۆ باڵەخانەکەی خۆم پەلەم لێ بکات.

خزمەتکارەکان هیچیان لە ماڵەوە نەبوون بۆ ئەوەی لە شەرەفی ئەوکاتە خۆشیەک پێک بێنن، پێم گوتبوون تاکو بەیانی ناگەڕێمەوە فەرمانی ئاشکراشم پێکردبوون کە لە ماڵەوە نەجوولێن. دەمزانی ئەو فەرمانە بەسە بۆ ئەوەی هەموویان بەپەلە ونبوونیان مسۆگەر بکەن هەر کە پشتم تێیان کرد.

لە مەشخەڵدانەکانیان دوو مەشخەڵم هەڵگرت، یەکێکیانم دا بە فورتیوناتۆ لەناو چەند ژوورێکدا چەماندیەوە بۆ ناو پردێکی کەوانەیی کە بۆ ناو ژێر زەمینەکان دەچوو، بە پلیکانە پێچاوپێچەکاندا چوومە خوارەوە، ئەویش کە لە دوای منەوە بوو، داوام لێکرد ئاگای لە خۆی بێت. تاکو گەیشتنە تەختی بنی چووینە خوارەوە، بەیەکەوە لەسەر ئەو ئەرزە شێدارەی ژێر زەمینی مردووانی مونتریسۆرس ڕاوەستاین.

شێوە ڕۆیشتنی برادەرەکەم دامەزراو نەبوو، کە هەنگاوی دەنا زەنگوڵەکانی سەرکڵاوە قووچەکەی دەزرینگانەوە.

گوتی؛ بەرمیلەکە....

گوتم؛ کەمێک لەسەرووترە، بەڵام سەیری ئەو شوێنە سپییە بکە کە لەسەر دیوارەکانی ئەو ئەشکەوتە دەدرەوشێتەوە.

ڕووی بۆلای من وەرگێڕا بە دوو چاوی تەماوی کە ئاویان لێ دەهاتە خوارەوە لەبەر سەرخۆشی تەماشای

ناوچاوی منی کرد.
لە دواییدا پرسی؛ نیتراتە؟
وەڵامم دایەوە «نیـتـراتە» مـاوەی چەندە تووشی ئەو کۆکە بووی!
ئەهۆ، ئەهۆ، ئەهۆ، ئەهۆ، ئەهۆ، ئەهۆ، ئەهۆ، ئەهۆ، ئەهۆ هاوڕێ هەژارەکەم تا مـاوەی چەند خولەکێک وەڵامی بۆ نەدرایەوە.
لە دواییدا گوتی ئەوە هیچ نییە.
بە بڕیارەوە پێم گـــوت «وەرە» دەگـــەڕێینەوە؛ تەندروستیت بەهادارە
– ئەتۆ دەوڵەمـــەندی، بەڕێزی، خـۆشـەویســتی، لەبەردڵانی تۆ هەروەکـو جـارانی من بەختـەوەری. ئەتۆ پیـاوێکی دەبێ پەرۆشـیـان بی و بۆت بەداخـەوە بن. سەبارەت بە من گرنگ نییە.
ئێـمـە دەگـەڕێینەوە؛ تۆ نەخـۆش دەکـەوی من ناتوانم بەرپرسیاربم.
سەرەڕای ئەوە لوچیسیش لەوێیە..
گوتی، بەسە کۆکەکەم هیچ نییە، نام کوژێت، بەکۆکە نامرم.
وەڵامم دایەوە، ڕاستـە.. ڕاسـتـە، لە ڕاسـتـیـدا من مـەبەسـتم ئەوە نەبوو بە ناپێـویست وریات بکەمـەوە... بەس تۆ پێـویسـتـە چاکت ئاگـا لە تەندروستی خـۆت هەبێت. پێکێک لەو شـەڕابی مـیـدۆکـە لەشـێـداری دەمانپارێزێ.
لەوێ سـەری بوتڵـێکم بادا کـە لەناو ڕیزێکی دوورو درێژی لە قاڵب دراو هێنابوومە دەرەوە.
شەڕابەکەم بۆ ئامادەکردو گوتم «بخۆوە»
لەگەڵ تێڕوانینێکی شەڕانی پێکەکەی بەرزکردەوە بۆ لێوانی.
هەڵوێستـەیەکی کردو سەرێکی دۆستانەی بۆ لەقاندم لەوکاتەدا زەنگوڵەکان زرینگەیان هات.
گوتی، «دەخۆمەوە بۆ ئەو مردووانەی لە چوار دەورمان نێژراون».
«منیش بۆ تەمەن درێژی تۆ دەخۆمەوە».
ئەو دووبارە قۆڵی گرتم و بەرەوپێش ڕۆیشتین.
گوتی؛ «ئەو ژێر زەمینانە زۆر فراوانن.»
وەڵامم دایەوە ئەوە مـۆنتـریسـۆرسـە، کـە لەوێدا ژمارەیەکی زۆری لە خێزانەکان تێدا نێژراوە.
«قۆڵەکانتم لەبیرکرد»
«پێـیـەکی گـەورەی مـرۆڤ لەناو کێـڵگەیەکی شینی ئاسمانیدا بوو؛ پێیەکە مارێکی دەهاڕی کە هەستابوو بۆ سەر پاشوان و کەڵبەی لە پاژنەی پێیەکە گیرکردبوو.»
شـەڕاب لە چاوانیـدا دەبریسکایەوەو زنگوڵەکـان دەزرینگانەوە.
منیش بەشەڕابی میدۆک خەیاڵم گەرمتر ببوو.
بەناو دیواری کۆی ئێسـقـانانـدا تێـپـەڕین، بەرمـیلی گەورەو بچووک تێکەڵاو بوو لەناو قوولـترین چاڵەکانی ژێر زەمینی مردووان. دووبارە هەڵوێستەیەکم کردەوە، ئەم جـارەیان زاتم کـرد قـۆڵی فـورتیـوناتۆ بگرم لەسـەروو ئانیشکیەوە.
گـوتم، نیـتـراتە، تەمـاشا بکە هەر زیاد دەکات. وەکو قـەوزە بەدیـواری ژێر زەمـینەکـانەوە هەڵدەواسرێ. ئێـمـە دەکەوینە بن ڕووبارەکە.
شێداری بەناو ئێسقانەکاندا تک تک دەهاتە خوارەوە. وەرە تا زۆر درەنگ نەبووە دەگەڕێینەوە. کۆکەکەت....
گـوتی، هیچ نیـیـە با بەردەوام بین، بەڵام پێـشـەکی پێکێکی دیکەش لە شەڕابی میدۆک.
ڕێگام بری و بوتڵـێکی گـەورەم لە شـەڕابی (دی گرەیڤ) گـەیاندە دەستی، یەک بین بوتڵەکـەی فڕکرد. چاوەکانی بریسکەیان دەدایەوە بە ڕووناکییەکی بەهێز.
پێکەنی و بوتڵـەکـەی بەرەو سـەرووی خـۆی فـڕێ دا لەگەڵ ئاماژەیەک کەتێی نەگەیشتم.
گوتی، ئەتۆ تێناگەی؟
وەڵامم دایەوە، «نەخێر.»
«کەواتە تۆ لە ڕەبەنەکان نی.»
«چۆن؟»
«تۆ لە بەنناکان نی»
«بەڵێ، بەڵێ، گوتم، بەڵێ! بەڵێ.»
تۆ؟ هەرگیز! بەننای؟
وەڵامم دایەوە بەننام
گوتی؛ نیشانەت...
وەڵامم دایەوە، ئەوەیە، ماڵەیەکم لەبن عەباپێچراوەکەم هێنایە دەرەوە. هاواری کـرد گـاڵتـە دەکـەی، چەند هەنگاوێکی کـــەم بەرەو دواوە گـــەڕایەوە. بەس با بەرەوپێش بۆ ئەمونتیلادۆ بڕۆین.
گـوتم باوابێ، ئامـێـرەکـەم گـێـڕایەوە بۆ بن عـەباکـەم و

دووباره قۆڵم دایەوه دەستی، ئەویش بە قورسی خۆی بەسەر قۆڵمدا شۆڕکردەوه.

بەڕێگای خۆمان بەردەوام بووین لەگەڕان بۆ ئەمونتیلادۆ.

بەناوڕێزێک لە پردی کەوانەیی نەویدا تێپەڕین، بەرەو خواربووینەوه، دەست لەناودەست، دووباره بەرەو خوار بووینەوه. گەیشتینە ژێر زەمینێکی قووڵی تایبەت، کە لەناویدا هەوایەکی بۆگەن دەهات گڕی مەشخەڵەکەی خۆشتر کردبوو. لە کۆتایی هەره دووری ئەو ژێر زەمینەدا، ژێرزەمینێکی تەسکتر دەرکەوت.

هەموو دیوارەکانی بە پاشماوەی مرۆڤ داپۆشرابوون.

کۆبۆوەو بەژێر زەمینەکەوه هەڵواسرابوو، لەشێوەی گۆڕستانێکی ژێر زەمینی پاریس بوو. سێ لای ئەوژێر زەمینە بەوشێوەیە ڕازابۆوه. لەلای چوارەمی ئەوژێر زەمینەدا فڕێ درابوونە سەر ئەرز بەتێکەڵ و پێکەڵی کە قەبارەی تەپۆڵکەیان پێک هێنابوو. بەلابردنی ئێسقانەکانی ناو ئەودیواره تێگەیشتین کە ئێستاش چاڵێک لە ناویدا هەیە بەقووڵی نزیکەی چوار پێ و پانی سێ پێی و بە بەرزی شەش تا حەوت پێ. ئەوه لە خۆیدا دیاربوو بۆ مەبەستی تایبەت دروست نەکرابوو، بەڵکو تەنیا نێوبڕێک بوو لە نێوان دوو کۆڵەگەی گەورەی بانی گۆڕستانە ژێر زەمینیەکان و بەچەند دیوارێکی گرانێتی ڕەق دەورەدرابوو، پشتی قایم کرابوو. فورتیوناتۆ بە بەلاش هەوڵی دا بتوانی مەشخەڵەکە بەرز بکاتەوه بۆ ئەوەی سەیری قووڵایی ناو چاڵەکە بکات. نەمانتوانی بەو ڕووناکییە لاوازە، کۆتاییەکەی ببینین.

ئەمن پێم گوت، «بەرەو پێش بڕۆ، ئەوه ئەمونتیلادۆیە. سەبارەت بەلۆچیسی»...

ئەو زۆر گەوج بوو، کە برادەرەکەم هەنگاوی نەچەسپاوی بەرەو پێشەوه دەنا ئەو ڕێگای لێ گرت. لە کاتێکدا من یەکسەر بە دوایەوه بووم. لە ساتێکدا گەیشتە کۆتایی تاقەکە، تەماشای کرد بەردێک ڕێی لێگرت و نەیتوانی بەرەوپێشەوه بڕوات بەسەرسامیەوه ڕاوەستا. بۆ ماوەی زیاتر لە ساتێک بە گرانێتەکەوه بەستمەوه. لەسەر ڕووبەری گرانێتەکە دوو بزماری ئاسن هەبوون یەکی نزیکەی دووپێ لەیەکەوه دووربوون، بەشێوەیەکی ئاسۆیی. یەکێکیان زنجیرێکی کورتی پێوه هەڵواسرابوو ئەوەی تریشیان قفڵێک. ئاڵقەم بۆ دەوری کەمەری فڕێ دان، بەس ئەوه کاری چەند چرکەیەکی کەم بوو بۆ ئارام کردنەوەی. لەجیاتی بەرگری کردن زۆر داچڵەکی. لەگەڵ ڕاکێشانی کلیلەکە من لە چاڵەکە دوورکەوتمەوەو بەرەو دواوه کشامەوه.

پێم گوت، دەستت لەسەر ئەودیواره بگوازەوه؛ ئەتۆ تەحەمولی ئەو نیتراته ناکەی. لە ڕاستیدا زۆر شێداره ڕێگام بدە چەند جارێک لێت بپاڕێمەوه تا بگەڕێینەوه. نەخێر؟

کەواته بێگومان دەبێ من بەجێت بێڵم. بەڵام پێشەکی دەبێ هەموو ئەو سەرنج و تێبینییانەی کە لە توانامدا هەیە پێتی ڕابگەیەنم.

هاوڕێم بەدەنگێکی زۆر بڵند هاواری کرد ئەمونتیلادۆ! ئێستاش بەهۆش خۆی نەهاتەوه.

وەڵامم دایەوه «ڕاستە، ئەمونتیلادۆ.»

کاتێک ئەو قسانەم دەکرد خۆم سەرقاڵ کردبوو بەو کۆ ئێسقانانەی کە پێشوو باسم کردبوون. بەولاو لایاندا فڕێم دەدان، خێرا بڕێکم بەردی بیناو سواخی دیواری بۆ دەرکەوت.

بەو مەوادانەو بەیارمەتی ماڵەکەم زۆر بە گورج و گۆڵی دەستم کرد بەکردنەوەی دەروازەی تاقەکە.

زۆر بەزەحمەت چینی یەکەمم لە بیناسازی خۆم دانا کە بۆم ڕوون بۆوه مەستی فورتیوناتۆ گەیشتۆتە ڕادەیەک کە کەم نابێتەوه. تێبینی سەر لە زووم لەو بارەوه ناڵەو گریانێک بوو بە دەنگێکی نەوی لە قووڵایی ئەو چاڵە دەهاتە دەرەوه، ئەویش گریان و ناڵەی پیاوێکی سەرخۆش نەبوو.

بێدەنگییەکی دووروو درێژ هاتە ئاراوه. چینی دووەمم دانا سێیەم و چوارەمیشم دانا، لە پاشان چەند لەرەیەکی توندو تیژم لە زنجیرەکە گوێ لێ بوو. بۆ چەند خولەکێک دەنگەکە بەردەوام بوو، لەو ماوەدا دەبوایە بە ڕەزاییەتەوه گوێی لێ ڕابگرم. کارەکەمم ڕاگرت و لەسەر ئێسقانەکان دانیشتم. لە دواییدا تەقە تەقەکە ڕاوەستا، ماڵەکەم گێڕایەوه بەبێ نێوبڕە چینی پێنجەم وشەشەم و حەوتەمم تەواوکرد.

دیوارەکە ئێستا دەگاتە ئاستی سینگم، دووباره هەڵوێستەیەکم کرد، مەشخەڵەکەم بۆسەر دیواری ئیشەکە هەڵگرت، هەندێک تیشکی لاوازم دەوێنەیەک گرت لەناوێدا.

لە پڕ چەند دەنگێکی بەهێزو توندو تیژ یەک بەدوای یەکدا تەقیەوە دەتگوت لە قورگێک دەردەچێ کە زنجیرکراوە، دەتگوت زۆر بەتوندی بەرەو دواوە فڕێم دەدات. بۆ چەند ساتێکی کورت تووشی سەرسامی بووم... لەرزیم. شمشێرەکەمم لە کالانێ ڕاکێشا، دەستم کرد بە گەڕان بۆ دۆزینەوەی ڕێگایەک لە دەوروبەری چاڵەکە؛ بەس ئەو بیرۆکە تەنیا بۆ ساتێک دڵنیایی بۆ گێڕامەوە. دەستم کەوتەسەر کفنی ڕەقی مردووان، هەستم بە دڵنیایی کرد.

دووبارە گەیشتمەوە دیوارەکە. وەڵامی ناڵەو هاتوهاوارەکەی ئەوم دایەوە کە هاواری دەکرد. وەڵامی دەنگەکەم دایەوە.. یارمەتیم دا.. لەوان باڵا دەستتربووم لە دەنگ گەورەیی و هێزدا. ئەوەم کرد، ئەوەی هاواری دەکرد هاوارەکەی هەر زۆر دەبوو.

نیوەشەو بوو کارەکەم خەریک بوو تەواو دەبوو. نوهەم و دەهەمیشم تەواو کردبوو، بەشێکم لە دوایین چین تەواوکردبووەوە چینی یازدەیەمینیش، یەک بەرد مابوو شوێنی خۆی بگرێ و قایم بکرێت.

زۆر هەوڵم لەگەڵ کێشەکەی دا؛ تا ئەندازەیەک خستمەوە شوێنی مەبەستی خۆی، بەڵام ئێستا لە دەرەوەی تاقەکە دەنگی پێکەنینێکی نزم دێت کە قژی سەرمی ڕاست کردۆتەوە.

ئەو پێکەنینە دەنگێکی خەماوی بەدواداهات، ئەو دەنگەم بەزەحمەت ناسیەوە کە ئەوە دەنگی بەڕێز فورتیوناتۆیە.

دەنگەکە گوتی...

ها! ها! ها!.. هێ! هێ! هێ! هێ!... لە ڕاستیدا گاڵتەیەکی زۆر خۆش بوو.. گاڵتەوگەپێکی بێ وێنەبوو. لەو بارەوە لەناو باڵەخانەکەدا زۆر پێکەنین.. هێ! هێ! هێ! شەڕابەکەمان تەواو بوو... هێ! هێ! هێ!.

من گوتم: ئەمونتیلادۆ

هێ! هێ! هێ!.. هێ! هێ! هێ!.. بەڵێ ئەمونتیلادۆ.

بەڵام ئایا ئەوە دواناکەوێ؟ نەخێر ئەوان لەناو باڵەخانەکەدا چاوەڕوانیمان دەکەن، خانمی فۆرتیوناتۆ و ئەوانی تریش؟

دەبا بڕۆین.

بەڵێ گوتم بابڕۆین

بۆ خاتری خوا مونتیریسەر!

بەڵێ، ئەمن گوتم بۆ خاتری خوا

بەڵام بۆ وەڵامی ئەو قسانە بە بەلاش گوێم ڕاگرت، ئارامم نەما، بەدەنگێکی بڵند هاوارم کرد...

«فورتیوناتۆ»

وەڵام نەبوو. دووبارە بانگم کردەوە...

«فورتیوناتۆ!»

وەڵام هەرنەبوو.

مەشخەڵەکەم بۆ ناو ئەو کونە فڕێ دا کە مابۆوە کەوتە ناوی؛ لە وەڵامدا تەنیا دەنگی زەنگوڵەکان گەڕایەوە.

دڵم تێکەڵ هات.. بەهۆی شێداری ژێر زەمینی مردووەکانەوە.

پەلەم کرد بۆ ئەوەی کۆتایی بەکارەکەم بێنم. دوایین بەردم خستە شوێنی خۆی و قایم کرد. بەرانبەر بیناتازەکە سەنگەرێکم لە ئێسقانان قوت کردەوە. بۆ ماوەی نیوسەدە مردووی دیکە نارەحەتی نەکردن.

**سەرچاوە:**

**www.literature.org**